### پاشماوەكانی قوربانی ..

## چاوەڕوانی هاتنەوە لە چارە نووسەوە بۆ دوا چاوەڕوانی..؟

**هۆشیاری عەبدولعەزیز**
hoshyarebdelaziz@yahoo.com



**1**

لە کللتوری مێژووی مرۆڤایەتییدا ترس و زەبروزەنگ شوێنگەیەكی دیارو بەرچاوی هەیەو بە درێژایی ئەو مێژووە زۆرجار پرۆسەی كۆمەڵكوژی بەشێوەی مەترسیدارو هستریانە پراكتیزە كراوە و بوەتە بنەماو ڕێچكەی دواتری ئەو سێستەمە تۆتالیتێرانەی كە كاریان لە سەر كوشتن و لە نێوبردن وپاكتاوی ڕەگەزی كردوە . بەڵام لە هیچ پرۆسەیەكی كۆمەڵ كوژیدا ئاوا ترس وبنەماكانی ترسناكی وەكی پرۆسەی ئەنفال تەوزیف نەكرابێت و نەتوانرابێ ئاوا لە ماوەیەكی كەمدا زیاتر لە 182 هەزار مرۆڤ بێ سەر و شوێن بكرێ  چونكە پرۆسەی ئەنفال تەنها پرۆسەیەك نەبوو كە مرۆڤەكان لەنێو بەرێ بەڵكو ئەنفال كۆی ژیانی ڕۆژانەی تاكی كوردی گرتۆتەوەو بووە بە جۆرێك لەهستریاو باری دەروونی خەڵكی شێواندووەو وای كردووە كە خەڵك نەزانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئایندەی خۆی بكات ، چونكە هەمیشە خەڵكی ئێمەو بەتایبەتی كەسوكاری پاشماوەی پەلاماری ئەنفال و قوربانیانی پرۆسەكە. هەمیشە وەك جۆرێك لە نەخۆشی دەروونی بەردەوام چاو لەڕێگان بۆجارێكی تر دیتنەوەی كەس وكارییان ، بەڵام ئەوە بووە خەونێكی شێتانە و كەسیش ناپرسێ چاوەڕێی چین ، هەرچەندە ئەم حاڵەتی چاوەڕوانیە تا هەنوكەش بەردەوامەو نەبڕاوەتەوە.چونكە سترۆكتۆرەكانی چاوەڕوانی مەسەلەیەك نییە بەنەمانی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی بەعس و هەڵوەشاندنەوەی پنت و بنەماكانی كۆتایی پێبێت. ئێستا چاوەڕوانی كەس و كارو پاشماوەی قوربانییانی پرۆسەكە ڕوویەكی تری وەرگرتووە و گۆڕاوە بۆ جۆرێكی تر كە ئەویش خۆی لەدووجۆر چاوەڕوانی دا دەبینێتەوە.

یەكەم:چاوەڕوانی گەڕاندنەوەو دۆزینەوەی ڕوفاتی قوربانیانی كۆمەڵ كوژیەكەو دیاری كردنی شوێن و ڕێی گەڕاندنەوەیان.

دووەم:چاوەڕوانی دەرەنجامی لێپێچینەوەكانی دادگا لەتاوانبارانی ئەنجامدەری پرۆسەی ئەنفال.كە لە سەدامی لە سێدارەدرا و عەلی كیمیاوی و سەرانی ڕژێمی بەعسدا كۆدەبێتەوە.

ئـەم دوو ڕووەی چـاوەڕوانیە چـەندین مەسـەلەو خوێندنـەوەی جیاجیـا لـەخۆدەگرێت و هـەڵگری کۆمەڵێك پنت و بنەمایە کە دەکرێ قسەیان لەسـەر بکرێت.چونکە لـە هاوکێشەی ڕوداو پێشهاتەکانی ئێستا و ڕابـردووی عێراقدا هەمیشە قووربـانی لایـەنێکی پـەراوێزخراو و پشتدەست بـووەو بابەتیانـە نەخراوەتە بەرباس ولێتوێژینەوە ونەتوانراوە بەشێوەیەك لە شێوەکان کارلەسەر ناساندنیان بکرێت و ببێتـە بابـەتی خوێندنـەوەمان بۆداهـاتووی نـەوەکان و ئەوجیلـەی کـە لـەپاش پرۆسـەی کۆمـەڵکوژی گـەورەدەبن، بەتایبـەت کۆمەڵکوژییـەکانی ئـەنفال وکیمیابـاران کـە لـە دەرئـەنجامی ئەودووپرۆسـەیە زۆرترین قوربانی و چاوەڕوانیمان بەرکەوتوە، بۆیە لە ئێستاشدا کە سـەرانی ڕژێمی بـەعس لەبـەردەم دادگادان و لەسەر تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال لێپێـچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت و بەگشتی ڕووی دزێوی سیستەمی دەسـەڵاتدارێتی بەعـسی عـەرەبی دەخرێتـە ڕوو هـەروا ئاسـان نییـە مەسـەلەکان ڕووکەشانە تەماشا بکرێن و نەخرێنە چوارچێوەی هەستیارترین کاتەوە کە لـە ئێستادا دەبینرێت و پێویـستی بـە چاودێری هەیە بەتایبەتی بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردو ئەو ڕەوشەی کە کوردی تێدایـەو تاڕادەیـەك جیاوازە لەڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ئێستایی عێراق. چونکە بایەخنـەدانمان بـە پرۆسـەی دادگایی کردنی تاوانبارانی کۆمەڵکوژی ئـەنفال و ئـەو پاشخانە ترسناکەی کـە ئـەنفالی تێدا ئەنجامـدرا وەك ئـــەوەی دەیبیـــنین بۆخـــۆیی مانـــای هەوڵنەدانـــە بۆخوێندنـــەوەی ئـــەنفال وەك پرۆســـەیەکی کۆمەڵکووژی ترسناك کە لە ئەزموونێکی لە پێشترەوە سەرچاوەی گرتووەو پەیوەنـدی بـە پێکهاتەیـەکی کلتوری توندوتیژەوە هەیە و ڕاستەوخۆ کاریگەری بەرجەستەکردووە لـە بـە ئەنجامگەیاندنیـدا ، دیارە ئەوکاتـەش کـە بمانـەوێ قـسە لـە سـەر ئـەنفال و پاشماوەکـانی قوربـانی بکـەین وەك پرۆسـەیەکی پاکتاوکاری کە بەعس کاریی لە سـەرکرد ، ئـەوە پێویـستیمان بـە گەڕانەوەیـەکی تـەواو هەیـە بـۆ نێـوو کۆیی کایەجیاجیاکانی زەمەنی ڕوودانـی پرۆسـەکەو ئـەو پاشخانە ترسناکەی کـە لێیـەوەی سەرچاوەی گرتووەو دواتریش ئەو هۆکارو فاکتەرانەی کە ڕێخۆشکەر بوونە بۆ سەرکەوتنی خودی پرۆسـەکەو ئـەو هەنگاوانەی کە بەعس لەو کاتەدا هاوێشتوویەتی ، چونکە بەعس بەبێ خوێندنەوەی بـۆ ڕەهەنـدەکانی ئـەو کۆمەڵکوژییـە و دەرئـەنجام و داهـاتووی کلتـوری و کۆمەڵایـەتی و کاریگـەری پرۆسـەکە دەسـتی نەداوەتە جێبەجێ کردنـی ئـەو نەخشەو پلانـەی کـە لـە ڕابـردوودا ئـەزموونی پێبەخشیوەو برۆسـەی ئەنفالی لێ بەرهەم هێنراوە ، بەتایبەت ئەوکاتـەی کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـورەتی ئـەنفال و پاشماوەکـانی قوربـانی تێـدا دەخوێنێتـەوە ، بـەعس لـەو کردەیـەدا زۆربەباشـی لـەوە دەگـات کـە ئـەو دەتـوانێ لـەم ڕێگەیـەوە نەوەیـەك لەکـەدار بکـات ولـە ڕێگـەی ئەوەشـەوە جۆرێـك لـە نائارامی هەمیـشەی دەروونـی بڕوێنێ وسەرکوتکردنی بێدەربازبوون بکاتە پێوەری مانەوە لە ژیاندا ، واتا کەسێکی پاشماوەی قوربـانی تا ڕۆژیی مردن لە هەناوی چاوەڕوانی و نائارامی دەرونیدا دەژێت و بەردەوام بیرلە مانـەوەی ئـەو گـرێ دەرونیە دەکاتەوە کە پێوەی بەندە ، مانەوەش پەیوەستە بە حاڵەتێکی رووحیـەوەو بـەبێ ئـەو حاڵەتـە ژیـان شـتێکی مـردووەو دەسـتێوەردانی مەسـەلەیەکی هیـچەو نـاتوانێ گـرێ دەرونیکـە بپـچڕێنێ کـە پاشماوەکانی قوربانی پێوەی بەندن ، ئـەو گرێیـەش لـەلایی بـەعس خـۆی لـە چاوەڕوانیدا دەبینیـەوە ، چونکە هەرکاتێك مرۆڤ کەوتە گێژاوەی چاوەڕوانیەوە بیرکردنەوەکان لە یەك دەئاڵسکێن و دەربـازبوون دەبێتە حاڵـەتێکی چـەقگرتوو وکەسـی دەرگیر نـاتوانێ بـە ئاسـانی بگەڕێتـەوە دۆخـی ئاسـایی خـۆیی ،

نەگەڕانەوەش کاریگەری نیگەتیف بەرجەستە دەکات و دەبێتە هۆکاریی شێواوی کەسی تووش بوو لە بەرانبەر کۆیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاو ئەو شتگەلەی کە لە ژیانی ئاسایی تاکەکاندا دەگوزرێ ، بەم پێوەرەش دەتوانین ئەوە بسەلێنین کە بەعس لە تەوزیف کردنی ئەم حاڵتەدا گەورەترین سەرکەوتنی بە دەستهێنا و توانی لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵگایەکی پڕ لە چاوەڕوانی لە ئێمەدا دروست بکات و کردنیە تاکی گرێدراوو بە ڕابردووی پڕکارەساتمانەوە ، ڕابردویەك کە بۆهەمیشە وەك ترس لە دیدوتێروانینی کەسایەتیماندا خۆیی نوێدەکاتەوەو ڕێگە نادا پایەکانی داهاتوومان مەحکەم بکەین لە ئاست ئەو ڕوودا و پێشهاتانەی یەخەمان پێدەگرێ.

## 2

لە لۆژیکی بیرکردنەوەدا گرنگترین خاڵێك کە دەبێتە گرێ و ئاراستەی خودی بیرکردنەوە دەشێوێنێ چاوەڕوانییە، چونکە چاوەڕوانی لە پێکهاتەی لێکدانەوەدا مەسەلەیەکی هێندە هەستیارە مرۆڤ رادەگرێت و هەستی جوڵەو بزاوت دەخنکێنێ و بە ئاسانی تێپەڕ ناکرێ، ئەمە لە لای بەعس گەورەترین مەسەلە بوو کە چۆن نەوەیەك لەو گێژاوەدا بتاسێنێ و جوڵەو بزاوتیان بکوژێ، چونکە بەعس دیزانی گەر لە روویەکەوە بەشێکی زۆری نەتەوەیەك سەرنگون دەکات لە روویەکی تریشەوە بەشەکەی تری تووشی جۆرێك لە ئافاتی شلژان و سەرلێشێوان دەکاو دەیانخاتە گۆمی چاوەڕوانی ئەو بەشەوە کە هەتاهەتایە ناگەڕێنەوەو نا بینرێن، ئەمەش لە رووی هەست وسۆزی سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتییەوە مەترسیدارترین وکوشندەترین نەخۆشیەو وێنایەکی ترسناك لە کەسێتیدا بەر جەستە دەکات و دواتریش هەمان وێنا تەوزیف دەبێتە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی گەل ونەتەوەیەکدا، ئەم وێنایە نەوە بە نەوە درێژە دەکێشێ و بە ئاسانی ناسڕێتەوەو بەڵکو پێچەوانە دەبێتە دیاردەیەکی بۆماوەیی لە نێوان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو پەیوەندیانەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ولە نێوان کلتورە جیاوازەکاندا بونیان هەیە ، چونکە لە کۆنەوە وتراوە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی وکلتورییەکانی نێوان کوردو عەرەب و بەشێك لە نەتەوەکانی ترهاوشێوەن و دەکرێ لە دیدی ئەوەوە ئەویتر بخوێنرێتەوە، بەعس بە سوود وەرگرتن لەم مەسەلەیە بەگەڕانەوە بۆ ئەو زەمینە کلتوریەی کە لە یەکدا گرێدراوەو پەلاماری ئەنفال دەست پێدەکات و وەك دڕندەیەك کۆمەڵگایەك دەشێوێنێ ، کوردیش بۆخۆی  بە یەکێك لەوگەل و نەتەوانە دەژمێردرێ کە ئاینی ئیسلام  وەك ئاینی گشتگیری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەری زۆری لەسەر پێکهاتەی ژیانی ڕۆژانە و هەڵسوکەوتی تایبەتی خۆیی هەیەو ئەم حاڵەتەش بە ئاشکرا لە هەڵوێست و دیدوتێڕوانینی سەرکردەی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانیدا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوەو بگرە زۆرجاریش پەیوەست بوون بە ئاینەوە وایی کردوە مەسەلە نەتەوایەتیەکان وەلاوە بنرێ  و تەنانەت زۆر لە کەسایەتیە موسوڵمانەکان کوردبوون و خزمەتێکی زۆریشیان لەوبوارەدا کردووە . هەر بۆیەشە دەبینی بەعس لە مەسەلەی پاکتاوی ڕەگەزیدا گەڕایەوە بۆ سورەی ئەنفال و باش دەیزانی کورد لەو ئاینە گەیشتوەو دەزانێ ئەنفال یانی چیی ، ئەمە لە لایەك لە لایەکی تریش ڕوداوە سیاسیەکانی ناوچەکە وململانێی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وایکرد

بەعس بتوانێ بەئاسانی پرۆسەیەکی توندوتیژو شۆڤێنیانە بگرێتە بەروو بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەنفال لەو پرۆسەیەدا بەئەنجام بگەیەنێ . دیارە بەهۆی نا هاوسەنگی سیاسی و سەربازی نێوان ڕۆژ ئاوا ڕۆژهەلأتیشەوە لەناوچەکەدا هێندەی تر عێراق بوە ولأتی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەو دوو بەرەیەو ، هەریەك لە لایی خۆیەوە کەوتە چاو پۆشین لە هەڵەو تاوانەکانی بەعس و زیاتر ڕێگای بۆ پێگەیشتنی توندوتیژیەکانی بەعس خۆش کرد کە بتوانێ لە ڕێگایەوە هەنگاو بۆ دوا پرۆسەی ویرانکاری و پاکتاوی ڕەگەزی بهێنێ کە خۆی لە پرۆسەی ئەنفال دا بینیەوە وهاوکات ئەوانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریان لە سەر چاوەڕوانی دەرئەنجامی مامەڵەی سیاسی و ئاراستەکانی رەوتی کارکردنی بەعس دەکرد و دەیانویست بزانن زیاتر بە لایی کێدا دەشکێتەوە ، ئەمە جگە لەوەش کە بەعس هەر لە دەمی چاوکردنەوەیدا بیری لەوە کردەوە چۆن ئایدۆلۆژیایەك بەرجەستە بکات کە سەراپای لە چاوەڕوانیدا نقوم بێت و جگە لە سەرکردەی پیرۆز کەسی تر پیرۆز تەماشا نەکرێت ئەویش لە رێگەی نەهێشتنی ململانێی ناوخۆییەوە دەستی پێکرد، لە هاتنی سەددامەوە تا کۆتایی سەددام ئەم حاڵەتە درێژە دەکێشێ و جگە لە سەددام هەموو ئەوانی تر لە چاوەڕوانی بەدەستهێنانی شوێن وجێگەی سەددامدا بوون، بەلأم یاساغکردنی ململانێ هیچی نەهێشتبووەوە بۆ ئەوانەی کە لە خوارەوەی ئەو سەرکردە پیرۆزکراوەوە بوون. ئایدۆلۆژیای تاك رەهەندو بێ ململانێش ئەو ئایدۆلۆژیایەیە کە رێگا لە هەموو جۆرە تێڕامان وبیرکردنەوەیەك دەگرێت و لە کاتی سەرهەڵدانیشیدا بەشێوەیەکی زۆر مەترسیدار سەرکوت دەکرێت، وەك ئەوەی سەددام لە یەکەمین کۆبوونەوەی لە پاش نەمانی ئەحمەد حەسەن بەکر ئەنجامیداو زیاتر لە شەست کەسی لە بەعسییە هاوسۆزەکانی خۆیی بە هۆی بیروباوەڕی جیاوازو تایبەتیانەوە کوشت و تەواوی ئەوانی تریشی خستە حاڵەتی چاوەڕوانیەوە لەوەی کە لە هەر چرکە ساتێکدا بێت لە نێو دەبرێن. ئەم دڕندایەتیەی بەعس لەودەمەدا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە نێو کلتوری عەرەبیدا خێڵەکان یەکتریان پاکتاو کردووەو تۆوی چاوەڕوانیان لە یەکدا چاندووە، وەك ئەوەی نەبوخز نەسر دژی مێشەح وشەدرەح کردی و فڕێی دانە چاڵێکی قەترانەوەو تا ئێستاش چاوەڕوانی گەڕانەوەن، یان خێڵێك کەسانی خێڵە دوژمنەکەی زیندە بەچاڵ دەکردو لە بەرانبەریشدا واخۆیی پێشان دەدا کە ئەو بێئاگایە ، ئەم کللتورە خێڵەکییە لە لای بەعس بووە سیستەمێکی سیاسی وکۆمەلأیەتی تۆکمە و دەقی پێوە گرت و رەخنە گرتن لە کللتوری چاوەڕوانی بووە رەخنەگرتن لە پیرۆزییەکان و هەر کەس دەستی بۆ بردبا تیادەچوو. چاوەڕوانی لە جەستەی بەعسدا هەمیشە جۆرێك بووە لە ترس و وێنای دوژمنێکی سەرسەختی پێ بەخشراوەو هەر کەس کاری لە سەر ئەم مەسەلەیە کردبێ بە جۆرێك لە جۆرەکان لە نێو براوە، بۆیە دەبینین ئەم لێکدانەوە ترسناکە نەك هەر لە خودی بەعسدا رەنگی داوەتەوە بەڵکولە نێوکۆیی پێکهاتەی کۆمەڵگایی عێراقیدا کاری پێدەکرێت و بوەتە نەریەت و دیاردەیەکی بۆماوەی کۆمەلأیەتی کۆمەڵگایی عێراقی .



www.dengekan.com
4/12/2007

یەكێك لەو خاڵە مەترسیدارانەی كە لە ڕابردوو و ئێستادا بەدی دەكرێت لەبەرانبەر پرۆسەی ئەنفال و كۆمەڵكوژی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی كلتوری نەتەوەیەكی جیاواز لەنەتەوەی عەرەبی سەردەست.ئەوەیە كە عەرەب وەك سیستەمی دەسەلاٌتداریٌتی و سیاسی و وەك نەتەوەو پێكهاتەی بیركردنەوە.هەمیشە بێدەنگن و نارۆشنی بە هەڵوێستیانەوە دیارە.ئەگەر لەڕابردوودا سەدام سەركردەیی ڕەمزی تەقدیس كراو و پیرۆز بووە بەلای نیشتیمانی عەرەب و پێكهاتە كۆمەلاٌیەتیەكەیەوە و بەردەوام لەڕێگەی چاوسوركردنەوەو ترس و دڵە ڕاوكێوە خزمەتی كردوون.خۆ ئێستا ئەو پیرۆزیە بەو عەزم و هەیكەلەوە نەماوەو بوونی نییە، بە پێچەوانەیشەوە ڕوویەكی ناشیرینی بەخشیە عەرەب و كلتوری عەرەبی كە سەرچاوەكەی لەم زەمەنەدا بەشێوەیەك لەشێوەكان نادیار بوو یان بڵێین شاردرابووەوە.لەبەرانبەریشدا گەر عەرەب لە ڕابردوودا چاوبەستەبوونی و كۆمەڵێك مەسەلەی تافە لە كوێریدا دەژیان و ئاگایان نەبوو لە پرۆسەی ئەنفال و یان ڕاستر بێژم خۆیان بێدەنگ كرد.ئەوە ئێستا مەسەلەكە گۆڕاوەو هەموو دنیا لە ڕێگەی میدیای بیستراو و بینراوەوە ئاگاداری پرۆسەی كۆمەڵكوژی ئەنفالەو بەوردی باس دەكرێت،بۆ عەرەب بێدەنگە؟،ئەمەیە پرسیارەكە،ناوەندە سیاسی و كۆمەلاٌیەتی و ڕۆشنبیریەكانی عەرەب دەیەوێ لەم هاوكێشەیەدا كە سەدام عەزمی عەرەبی شكاند و ڕووی ڕاستەقینەی كلتوری عەرەبی خستە ڕوو چ هەڵوێستێك بنوێنێ و چۆن مامەڵە لەگەڵ مەسەلەیەكی وادا بكات كە لەبەر چاوی هەموو دنیا دزێو بوون و بەرنەفرەت دەكەون.لێرەو لەوێ دەنگی جیاجیای تاكی عەرەبی دەبیسترێ كە دەیەوێ لەڕێگەی نوسین و قسە كردنەوە بەرائەت نامەی خۆی لەمەڕ ئەو تاوانە بخاتە ڕوو.بەلاٌم ئەمە بۆ پاكبوونەوەی عەرەب لەوەها تاوانێك كە لە مێژووی تازەی مرۆڤایەتیدا دەگمەن و كەم وێنەیە بەس نییە و ناچێتە خانەی بەرائەتی گشتییەوە.كە ئەڵمانیەكان لەبەرانبەر تاوانی هۆڵۆكۆست تا ئێستاش خۆیان بەتاوانبار دەزانن و ڕۆژانە لەڕێگەی جۆراو جۆرەوە بەرائەت لەو مەسەلەیە دەدەن و خۆیان نەوە بە نەوە پاك دەكەنەوە و ڕووی نازیەت و هیتلەری پێ ڕەش دەكەن. ئەمە بۆ نەتەوە و گەلێك شەرم و شورەیی نیە گەر لەبەرامبەر تاوانێك هەڵوێستە بكات كە یەكێك لەنەوەكانی ئەنجامی داوە و پەڵەی ڕەشە بە توێڵیەوە و نەوە بەنەوە بەزیندوویی دەمێنێتەوە.گەر لەو بێدەنگیەوە لە عەرەب بڕوانین كەلە چركەساتی دەسپێكردنی پرۆسەكەوە تا ئێستا گرتوویەتیە بەر ئەوە دەبێ ئاوای لێك بدەینەوە كە خوێندنەوە وشرۆڤەی شۆفینزمی عەرەبی بۆ ئەنفال خوێندنەو وتێڕامانێكی نەتەوەگەرایە و دەیەوێ بیسەڵمێنێ ئەوەی روویداوە چەختكردنەوەیەكی سیستیماتیكی پێویستە ولە رابردوودا وەك ئێستا لە بەرامبەر پیرۆزییەكانی نیشتمانی عەرەبی دابەزیووە و دەكرێ لەهەر حاڵەتێكدا كاری لەسەر بكرێ، ئەم تێڕوانینینە نەتەوەگەرایە گەڕانەوەی ئەنفالە بۆ ساتە وەختی مێژوویی خودی ئەنفال وئەو كردە خودایییەی كە لەسەردەمی خویدا بە جیهاد ناسرابوو، واتا ئەنفال وكردەی ئەنفال لەدیدی شۆفینیزمی عەرەبیدا مەسەلەیەكی پیرۆزە ودەبێ لەسەر ئاستی ناوەوە دەرەوە هەوڵی پاراستنی پیرۆزییەكانی بدەرێ وریٌگە نەدرێت وەك تاوان بناسرێت وبخوێنرێتەوە چونكە بەبڕوای ئەوان ئەنفال كردەیەكی ئاسییەو لەهەر چركە ساتێكیدا مەترسییەكان بۆ سەر نیشتمانی عەرەبی سەریهەڵدا دەبێ ئەو پرۆسەیە دووبارە بكرێتەوە وپەراوێز نەخرێت چونكە بڕوایان وایە پێچەوانەی ئەمە مەترسییەكە

گەشە دەکات وئایندەی ئەو نیشتمانە دەخاتە بەر هەڕەشە وداهاتووی نەوەکان دەشێوێنێ ئەم تێڕوانیینە ئەوە نییە کەلەم سەردەمەدا سەری هەڵدابێ بەڵکو لەسەرەتای سەرهەڵدانی دەوڵەت وبەرجەستە بوونی کەینوونەی عەرەبیەوە بەدیار کەوتووە ولەرابردوو بۆ ئێستا وەك پرۆسەیەکی پەرچەکردار کاری لەسەر کراوە هەر ئەمەشە وای کردووە  سیستەمی سیاسی عەرەب و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیان لە ئێستاو ڕابردودا خاوەنی ڕاستەقینەی پرۆسەکەبن و ئێستاش لەچاوەڕوانی ئەوەدان کە مەسەلەکە بەخزمەتی بەعس و سەدام و خودی عەرەب بشکێتەوە و دادگا نەتوانێ ئەو تاوانانە ساغ بکاتەوە. بۆ ئەمەش لەسەر ئاستی ناوخۆ ودەرەوە هەوڵی شاردنەو و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی ئەو پرۆسە ترسناکە دەدەن ودەیانەوێ وایی بگەیەنن کە ئەو پرسێکی ناوخۆی هەڵبەستراوی عێراقیە ودەیەوێ لە ڕێگەیەوە عەرەب وکلتووری عەرەبی پێ ناشرین کرێ، لەم خاڵەوە هاوبەشیەکی تۆکمە لەنێوان دەسەڵات وپنت وبنەماکانی میدیایی عەرەبیدا دروست کراوە وبەهەردوولا هەمان دیدوتێڕوانین دەگەیەنن ولەسەرهەمان ڕێچکە دەچن کە ئێستا پاشماوەکانی بەعسی هەڵوەشاوە قسەی لەسەر دەکەن ئەمانە بە ئاراستەی ڕەتکردنەوە وشێواندنی راستی پرۆسەکە دەوەستنەوە وبەکردەیەکی دژ وتێکدەری وەسف دەکەن ، هەر بۆیە سەیرنییە گەر میدیای عەرەبی بێت وگوێ لەرەگەز پەرستێکی بەعسی وەك(عبدالباری عەتوان)بگرێ کە سەددامی خنکێنراو سەرانی رژێمەکەی بە علی بن ابی تالب وگەورە یاوەرانی دەشوبهێنێ  وپێیی وایە ئەمە ئەو رۆژەیە کە تێدا چاوساغ وگەورە دنیا بینێکی نوێی کلتورری عەرەبی لە نێووبرا. ئەو پێی وایە عەرەب وکلتووری عەرەبی گەمژە و کاڵفامە لەئاست لە سێدارەدانی سەددام ودەبێ بە کەڵچەری خۆیاندا بچنەوە لە ئاست ئەو مەسەلەیە و بێدەنگ نەبن. واتا ئەوان نەك ئامادەنیین وەك کەڵچەرێکی تاوانبار داوای لێبوردن بکەن، بەڵکوو دەیانەوێ بەپێچەوانە لە سەرخنکاندنی سەددام وسەرانی رژێمی بەعس، گەلانی عێراق داوای لێبوردن بکەن و بەرائەتنامە بدەنە باری وهاوشێوەکانی وبەپێرۆزو موقەدەس بیانشوبهێنن  کە ئەمەش خۆش خەیاڵیەکی سەیرەو مایەی چاوەڕوانی نییە، من زۆرم بەلاوە سەیرە کە کەناڵی عەرەبیە ،ئەو کەناڵەی کە زۆرجار خۆی بەچاوساغی دنیا بینیەکی نوێی کلتوری عەرەبی دەزانێ و قسە لەسەر مافەکانی مرۆڤ و سیستەمی دیموکراسیەت دەکات، دێت گوێ لەڕەگەز پەرستێکی بەعسی وەك عبدالباری عەتوان دەگرێ وتاوانەکانی  سەددام و سەرانی ڕژێمەکەی کە لەکۆتایەکانی سەدەی بیستەمدا ئەنجامیانداوە بەناڕاست دەزانێت و لە بەرانبەریشدا بێسەر و شوێن  کردنی سەدان هەزار خێزان و تێك و پێکدانی هەزارانیش تریش کە  تا ئێستاش خۆیان نەگرتۆتەوە و بەدەم ئازار و خەمۆکی بوونی دەروونیەوە دەناڵێنن و کورتیان هێناوە لەبیرکردنەوەو بەرجەستە کردنەوەی ژیاندا. بە هەڵبەستراو دەزانێ و پێیوایە ئەوەی دەوترێ لە سەر ئەو پرۆسە ترسناکە دیدوتێروانینێکی دوژمنکارانەیەو دەیانەوێ لە ڕێگەیەوە ئاراستەی فیکری عەرەبی و کللتوری نەتەوەی عەرەب بشێوێنن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەوڵدانێکە بۆ بێدەنگکردنی لایەنی بەرانبەرو شاردنەوەی پرۆسەکە .

ئەو پرۆسەی بێدەنگ لێ کردنەی عەرەبی گرتۆتەوە لەئاست کارەساتی ئەنفال و دەرەنجامە نەگەتیڤەکانی بەشێوەیەك لەشێوەکان و لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و مامەڵە کردنی ڕۆژانەوە گوێزراوەتەوە بۆ نێو بونیەی جەستەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردوو ئەوانیش بێ دەنگیان لێ کردووەو مەسەلەکە زۆر بەئاسانی وەرگیراوە. کاتێك سەرکردایەتی سیاسی کورد دەبینی لەمامەڵەیدا لەگەڵ عەرەب و دەسەڵاتدارانی عەرەب واهەست دەکەیت کورد توشی بچوکترین گرفت نەبووە و بگرە بە پێچەوانە کورد و عەرەب دوو نەتەوەو کلتوری تێهەڵکێشن و ئەوەشی ڕویداوە دوژمنی هەردوولا بووە و مەسەلەکە ئەوەنییە کە گەلی کورد و دۆستەکانی باسی دەکەن.چارە ڕەشیەکە لێرەدایە کە کورد خۆیشی بێدەنگەو هەڵوێست گیر نییە لەبەرانبەر ئەو تاوانانەی بەسەریدا هاتووە، مەبەستم ئەوە نییە ئێمەش ڕەگەست پەرستانە بڕوانینە عەرەب و ئەو پێکهاتە کللتووریە . بەڵام ناشبێ بێهەڵوێستی بکەینە پرۆژەی کاری داهاتوو بەرانبەر ئەو سێستەمە سیاسیانەی کە لە ڕابردوودا هاوکاری بەعس و بنەما فیکریەکانی بەعسیان کردوەو ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستیان هەبووە لە تاوانی کۆمەڵکوژی گەلەکەماندا ، چونکە گەر هیچیشمان پێنەکرێ دەتوانین وەك جولەکە مامەڵە لەگەڵ باروودۆخی پاشماوەکانی قوربانی و ڕابردووی تاوانەکەدا بکەین .

جولەکە تا ئێستاش پەیوەندی لەگەڵ ئەو ناوەندو پێکهاتە سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریانە نا جۆرە کە بێ هەڵوێست و بێ دەنگ بوونە لە ئاست هۆلۆکۆست و قڕکردنی خودی جولەکەو زۆرجاریش لەڕێگەی نوسین و کۆڕو سیمینارەوە هێرشیان دەکەنە سەر و سەر زەنشتیان دەکەن و وەك سەرکۆنەیەك ناویان دەوروژێنن.کەچی بەبەراورد بەم بیرکردنەوەیە سەرکردایەتی کورد و سێستەمە سیاسیەکەی ئەوەندەی پەیوەندی لەگەڵ عەرەب و ناوەندە کاریگەرەکانی پتەوە ڕەنگە ئەوەندە لەگەڵ خودی کورد و دۆستەکانی باش نەبێت. کاتێك تورکیا خوازیارە کێشەی کۆمەڵکوژی ئەرمەن بەشێوەیەکی بابەتیانە چارەسەر بکرێت و پەیوەندیان لەگەڵ ئەرمەنستان باش کەن،ئەرمەنیەکان وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەیان دەهێننە پای داخوازی و دەبێتە کارتی فشارو ڕێگە بەخۆنادات سەردانی تورکیا بکات.بەڵام کە بەفەرمی و لەڕێگەی بەڵگەی سەلمێنراوەوە میسر بەشدارە لەتاوانی ئابڕووتکاندنی کلتورو عەزمی نەتەوەی کوردا.نەك کورد پەیوەندیەکانی ڕاناگرێ،بگرە لێرەو لەوێش سەرکردە کوردیەکان پاساو دەرن بۆ میسر و زۆر بێ شەرمانە ئاماژە بەوە دەکەن کە میسر بەشداری نەکردووە لە پرۆسەیەکی ئاواداو ڕەنگە ئەو تۆمەت بێت دەدرێتە پاڵ وڵاتێکی دۆستی وەکی وڵاتی میسر. کۆمیدیایەکی سەیرە میسریش هێندەی سەرکردە سیاسیەکانی کورد بە بێتاوانی خۆیدا هەڵنەداوە و ناڵێ ئێمە بەریئین و بگرە باشتر لەئێمە دێتەناو بازنەی مەسەلەکەوەو دەڵێ گەر واشبێ دەوڵەت بەفەرمی ئاگادار نییە :واتا ڕەنگە مامەڵە بە ئابڕوتانەوە کرابێ بەڵام دەوڵەت نەیکردووە.ئەمانەو زۆری تریش سەرکردایەتی سیاسی کوردی و بەتایبەت یەکێتی و پارتی دەخاتە بەردەم ئافاتی بێ هەڵوێستی و خەم ساردیان و دەرەنجام شکست دەهێنن لەئاست ئەو پرۆسە ترسناکەی کە تێیدا ئەنفال بەرهەم هات و بەگەرومان‌دا شۆڕ کرایەوەو بووە گەورەترین برین لە جەستەی مێژووی دورو نزیکی گەلی کوردا و بەسانایی ساڕێژ نابێ.

وەك سەرەتا ئاماژەم بۆكرد چاوەڕوانی و پرۆسەی بێدەنگی هێندە بابەتیانەو بە شێوەیەكی كارا كاری لە سەر كراوە لە نێو تەواوی  پێكهاتەی كۆمەڵگایی عێراقیدا ڕەنگی داوەتەوەو بوەتە دیاردەو نەریەتێكی مەترسیداری وا كە ئێمەش مەبەستم سەركردایەتی سیاسی بزاوتی كوردییە بە شێوەیەك لە شێوەكان كاری لە سەردەكەین و بە تەواویش لە پاشی راپەڕینەوە تا ئێستا لە جەستەی سەركردەو پیاوە دیارەكانی حزبی كوردیشدا چێ بووەو خەڵك بە چاوەڕوانییەوە رادەگرن و بە تەواوەتی گشتێندراوەتە سەر كۆمەڵگاداو هەمووان لە پرۆسەیەكی هاوشێوەی بێدەنگدا دەژین، ئەمەش لە خۆڕا ناكەمە قسەو هەڵوێستەی لە سەر ناكەم بەڵكو كاركردەی سیاسی حزبی كوردی لە راپەڕینەوە بۆ ئێستا وایكردووە ئێمە لە بەرامبەر ئەم مەسەلەیە راوەستین و هەڵوێستەی لە سەر بكەین، چونكە گەر وانییە بۆ تا ئێستا خاوەن دیدێكی رەخنەیی نین لە ئاست چاوەڕوانی و قوربانییەكانی پشت هۆكاری چاوەڕوانی كە بەعس بە پرۆسەیەكی نەخشە بۆ كێشراو بەرهەمی هێنا. حزبی كوردی دەیتوانی بە خوێندنەوەی بەعس و بۆچوونەكانیی دیدێكی رەخنەیی تۆكمە بەرهەم بێنێ و بیكردایەتە هۆكاری سەرلەنوێ بونیادنانەوەی دارۆخاویی پاشماوەكانی قوربانی و لێرەوە كاری لە سەر پنت وبنەماكانی خودی چاوەڕوانی بكردایە كە پاشماوەكانی قوربانی چەندین ساڵە بەدەمییەوە دەناڵێنن، واتا  دەتوانرا كەس وكارو پاشماوەی قوربانیانی ئەنفال لەوە دڵنیا بكرانایە كە چیتر پێویست بە چاوەڕوانی ناكات و ئەوان خاوەنی قوربانییەكی زیندە بەچاڵكراون، بە دیوەكەی تریشدا ئەم هەنگاوە دەبووە فاكتەری فشار بۆ سەر لایەنی دەسەڵاتداری ئەوكاتی بەعس و دیتوانی لە ماوەیەكی نزیكتر لە ئێستا لە چارەنووسی نەوەكانیان بگەن، بەلام مەخابن حزب ودەسەڵاتداری كوردی نەیتوانی ئەم ئاراستەیە بگرێتە بەرو بە پێچەوانە خۆیی بەرپرسیاركرد لەوەی ئێمە لە ماوەی رابردوودا چاوەڕوانی چی بوین و دەمانەویست چی بكەین لە ئاست كارەساتەكە و چۆنی مامەڵە لە گەل رووداوو پێشهاتەكانیدا بكەین. لێرەوە ئاراستەی مەسەلەكە گۆڕاوەو چاوەڕوانی لە ئێمەدا كرایە سەنتەری بیركردنەوەو تێڕامانمان لە ئاست قوربانی وپاشماوەكانی قوربانی و تەنها بیرمان لە چۆنێتی لە نێو چوونی قوربانیەكانمانە و هیچی تر. بەرپرسیارێتی بێدەنگیی ئەو بێدەنگیەی كە نزیكەی چارەكە سەدەیەكە لە خۆیدا هەڵیگرتوەو خەڵكی پێچەواشە دەكرێ ، چونكە خودی كورد خۆی لەبەرانیەر ڕاستیەكان گێل دەكات و نایەوێ بەرانبەرەكەی بخوێنێتەوە بەوەی كە چی دەوێ. پاشماوەی قوربانیانی ئەنفال بەدەم دەستی سەركردایەتی سیاسی كوردەوە دەهێنرێن و دەبرێن،تا ئێستاش ئەو خەڵكە نازانێ چاوەڕوانی چی یە و بۆچی ڕاوەستاوە لەئاست بێدەنگی سەركردەكانی.ئەو سەركردانەی كە هەر لەیەكەم چركە ساتی دانوستاندنەكانی لەگەڵ ڕژێم ئاگاداری ئەوە كران كە ئەنفال مەسەلەیەكە و كۆتایی هات.زۆر ڕاشكاوانە بەعس بەكوردی ڕاگەیاند كە هەرچی بەر ئەو شالاوە كەوت كۆتایی هات و ناگەڕێتەوە.كەچی تا ئێستاش لە پەرلەمانی كوردستان یاسایەك هەموار نەكراوە بۆ ناساندنی پرۆسەكەو زەرەرو زیانە گیانی و مادیەكانی.ئایا ئەنفال دەچێتە خانەی شەهیدەوە ،یان یان قوربانیەكی ئاساییەو وەك هەر تاكێك كە بەكارەساتی ئۆتۆمبێل تیا دەچێ مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت . یاسایەك نییە بۆ دیاری كردنی

ڕێو شوێنی قەرەبووی پاشماوەکانیان و ئەو زەرەرو زیانانەی لێیان کەوتووە. زۆر خێزان تا ئێستاش بە پێناسی ساختەوە مامەڵە دەکات و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەو خێزانە بنەچەی تۆمار کراوی یاسایی نییەو بۆشیان ناکرێ. لەبری ئەوەی حکومەت ڕێو شوێنی گونجاو دیاری کات بۆ ناساندنی بنەچەی خێزانی ئەو پاشماوانە و فاکتەری پشتگیری بێت، کەچی پێچەوانە پاشماوەی قوربانیانی کۆمەڵکوژی ئەنفال لەسەر حیسابی خۆیان کاردەکەن بۆ ساغ کردنەوەی بنەچەیان و لەمەشدا دەبێ پارێزەر بەپارەبگرن چونکە حکومەت متمانەی بەو ساغکردنەوەیە نیەو لەسەر هەمان یاسا و ڕێسای بەعس دەڕوات کە ئەنفالی لێ بەرهەم هات. هەژدە ساڵە ژنە مێرد ئەنفال کراوەکان نەیاساو نەشەرع ڕێگەی نەداوە گەر ئارەزووی کرد بەئاشکرا مێرد بکاتەوە، هەرچیش کرابێ بەدزی و شاردەنەوەوە ئەنجامدراوە، ئەمانە و کێشە گەلێکی تر ئەوەمان بیردەخاتەوە کە کورد 19 ساڵە خەم ساردانە هەڵسوکەوتدەکات و بە شێوەیەکی فیعلی کاری نەکردووە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان و بەتایبەت ڕێگە چارەی گونجاو بۆ ئەو کێشانەی کەلەو ساڵانەدا ڕووبەڕووی پاشماوەی قوربانیان بۆتەوە. دوای هەموو ئەمانەش تا ئێستا خەڵکی پاشماوەی کارەساتەکە لە چاوەڕوانیدا دەژین و گرفت و گرێ دەرووونیەکانیان بۆ ساغ نەکراوەتەوە و هەرچیشیان کردبێ خۆ بەخۆ کردویانە.ئەوە چی لۆژیکێکە ، تۆخۆت بەڕێوەبەری خۆت بیت کەچی کارت نەکردبێ لەخزمەتی خۆت.نازانم کاتێك ئەم مەسەلە چارەنوس سازانە دەبینم بەهەڵواسراوی ماوەتەوە توشی جۆرێك لە شۆك و نائومێدی دەبم لەبەرانبەر ئەو سیستەمە خۆماڵیەی کە هیچی پێناکرێ لە ئاست کارەسات وقوربانیەکان و پێچەوانەش کارەساتەکە وەك ترسێکی بەردەوام لە ئێمەدا دەژی و کەچی بێبایەخانە تێیدەڕوانین ، ئەمەش بەبڕوام هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات وبەپلەی یەکەم لە ئەستۆی لایەنی دەسەڵاتداری کوردییەو خەمساردی ئەوان زیاتر لە بەرامبەر کارەساتی ئەنفال وای لێکدرین خەمساردانە لە پرۆسەکە بڕوانین، چونکە سەرکردایەتی سیاسی کورد لەم بارودۆخەدا کە بەلای منەوە بارودۆخێکی کۆمیدییە دەیەوێ وای بسەلمێنێ کە کورد گەلێکی بەشخوراوی زوڵم لێکراوەو تەنانەت ناتوانێ لە سەر لە دەستدانی قوربانیەکانیشی بێتە دەنگ، هاوکات لە گەل ئەمەشدا دەسەڵاتی کوردی دەیویست لەم ڕێگەیەوە گوتاری کوروزانەوەو بێدەسەڵاتی خۆیی لە ئاست پرۆسەکە بە دنیا نیشان بدات، بەلاَم لە هەردوو حاڵەتەکەدا سەرکردایەتی سیاسی کوردو دەسەڵاتەکەی مەحکوم دەبێ بە بێدەنگیەکی دەست ئەنقەسی و جگە لە شکست هیچ بەرهەم ناهێنێ . بەمەش دەسەڵاتی سیاسی کورد دەکەوێتە بەردەم ئەو پرسیارەی کە ئایە کورد لە کوێی هاوکێشەی ڕەوتی ڕوداوەکاندایەو لە ئێستا بەدوا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆتایەدا دەکات کە پاشماوەکانی قوربانی چاوەڕوانین و دوایی کۆتایی دادگا و بڕانەوەی کێشەکە  چی دەکات و چۆن لە ئاسەوارەکانی پرۆسەی ئەنفال دەڕوانێ ..؟